## کۆمۆنیستی کرێکاری

# پەساپۆرتی کوردستانی توڕداوە!

عەباس شوان
a.shiwan@ikurd.com

ڕۆژی 02.2.3 کورتە نووسینێکی بەرپرسێکی( **ئاڵا فەرجی**) تەووژمی کۆمۆنیستی کرێکاری – باشووری کوردستان لە فینلەند بە ناونیشانی (بە **درۆ** ! خستنەوەی هەواڵێك لە کوردستان نێتدا!)م بەرچاو کەوت, کە لە سەر ڕاپۆرتە هەواڵێکی بەندەی موخلیساتان بوو, بە ناونیشانی( **کۆماری کوردستان بێ ئاڵا بووا!** ) کە لە هەمان ماڵپەردا بڵاوکراوەتەوە.

ئەو نوسینە لە ناونیشانەکەیدا دیارە ڕاستکردنەوەی هەڵەیەکە, بە لای نوێنەرایەتی تەمووژمی ناوبراوەوە , ناهەقیمان لە حزووریان کردووە, کەسێك لەوان بەشداریان نەکردووە بەڵام من درۆم ! فەرمووە, نوسیمە ڕابەرانی ناسراویان بینراوە!

لە وشەی بینراوە ورد ببنەوە, دەردەکەوێت بناغەی ڕوونکردنەوەکەیان بۆش و بێناوەرۆکە, خۆ گەر بمنووسیایە بە وتار بەشدارییان کردووە هەقیان بوو.

بەڵام پێدەچێت ئیعترازەکە لەسەر وشەی ڕابەر* بێت کە وا تەنگەتاویانی کردووە, چۆن دەبێت بە یەك چاو سەیری ئەندامانی سەرکردایەتی و بنکردایەتی بکرێت, ئەمە لە کاتێکدا خۆیان بە کۆمۆنیستی کۆمۆنیستان دەزانن! لە ئەدەبیاتیاندا کە لە بڕادەرە فارسەکانیانەوە خواستویانە دەفەرموون:

هەموو کرێکارێ ئەندامە لە پارتەکەماندا, هەموو یەکێك لە ئێمە ڕابەرێکە بۆ خۆی..

کەچی پێیان قەڵس دەبێت یەکێکی وەك **خالید سالح** و **مەعروف پشدەری** بە ڕابەر بزانن کە هەموو کات و تەمەنیان بۆ ئەو تەوژمە بە خەسار داوە و ئەدەن, خۆ لە خۆرایی نییە کورد وتویەتی **بۆ بۆرەپیاو خۆ بە بە کوشت, دەڵێ بە دەردی خوا مرد**, ئەوە قسەو گفت و لفت و کردەوەی ناجۆری ئەو تەوژمەیە کە هەر شەش مانگ جارێك گەر بەهەڵەدا نەچووبم, ئینشعابێك بە قەولی فارسی لە ناویاندا ڕوونەدات!

ئەوەی بەلامەوە سەیرە نازانم بۆ ئەو تەوژمە خۆیان بە دوور لە خۆشی و شادی و ناخۆشییەکانی خەڵکی کوردستان دەگرن, هاتنی ئەندام و لایەنگران وتەنانەت سەرکردەکانیان بۆ ئەو بۆنانە, نەك خاڵێکی ڕۆشن و چاکە بەڵکوو سڕینەوە و کاڵکردنەوەی ئەو بەدگومانییە کە لە نێو ئەندامانی یەك کۆمەڵگا خوڵقێنراو و سەپێنراوە. وەك چۆن شانازی بە هاتنی سەرکردەیەکی کوردەوە دەکەن لە بۆنەیەکیاندا ببینرێت و بەشدار بێت.

<u>پەراوێز</u>

* ڕهبر وشەیەکی فارسییە, کورد سەروگوێلاکی شکاندووە کردوویەتی بە ڕابەر.